Sorani

# بۆچی دەبێت لە سەندیکادا ئەندام بیت؟



020-56 00 56

# ئایا دەتەوێت خۆت بە تەنها دانوستان بکەیت؟

## خاوەنکارەکەت نایەوێت بە تەنها دانوستان بکەیت.

بێگومان دەتوانیت بە تەنها دانوستان لەسەر مووچەکەی خۆت بکەیت و دەشتوانیت خۆت دەربارەی مەرجەکانی خۆت لەگەڵ خاوەنکارەکەت گفتوگۆ بکەیت. بەڵام چی ڕوو دەدات ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بێت ناکۆک بوویت لەگەڵ خاوەنکارەکەت یان ئەگەر کار گەیشتە ئەوەش کە بە هەڵە لەسەر کار دەرکرایت؟ خاوەنکارەکەت یارمەتی لە پارێزەر و ڕێنوێنیکار وەردەگرێت. ئەو خۆی بە تەنها نابێت. ئەندامبوون لە سەندیکادا یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت.

بۆ نابیتە ئەندامی سەندیکاکەمان!

سەندیکات بۆ چییە؟ دەتوانن چیت بۆ بکەن؟ بە دڵنیاییەوە ئەم پرسیارانەت بەر گوێ کەوتوون کاتێک باسی سەندیکا دێتە پێشەوە، لە شوێنی قاوەخواردنەوە لە سەر کارەکەت یان لە گفتوگۆیەکی نێوان هاوڕێیاندا.

هەروەها بە دڵنیاییەوە گوێت لە کەسانێکیش بووە کە باسی سەرکەوتنی خۆیان لە بەدەستهێنانی مووچەیەکی باشتر بۆ خۆیان کردووە لەوەی کە سەندیکا توانیوێتی بە دەستی بهێنێت. ئەمە بە دڵنیاییەوە ڕاستە. ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بینا، پەرستار و شۆفێری بارکێش هەن کە هەم لە کارەکانیاندا زۆر باشن و هەم زۆرباشیش دەتوانن نوێنەرێتیی خۆیان بکەن و زۆر بە دڵناییەوە یەکە بە یەکەی ئەو کرۆنە زیادانەیان پێ ڕەوایە کە توانیویانە بە دەستی بهێنن.

بوون بە ئەندام لە سەندیکادا زۆر لەمە زیاتر دەگرێتەوە. سەندیکا بۆ ئەوە نییە ڕێگری لە کەسێک بکات کە دەیەوێت سەربەخۆ کار بکات، بە پێچەوانەوە. سەندیکا بۆ ئەو پرسانەیە کە پێویستە، یان بە قازانجی هەموومانە ئەگەر، بە یەکەوە کاریان بۆ بکەین. ئێمە بە تەنگ گرێبەستی گشتگیرەوەین تا کەس لە مافی خۆی کەمتری پێ نەدرێت. هیچ یاسایەک نییە کە ڕادەی کەمترین مووچە بۆ کەسێک دیاری بکات. ئەوە دەکەوێتەوە سەر خۆمان کە دانوستانی لەسەر بکەین و کارێکی وا بکەین کەس لە مافی خۆی کەمتر وەرنەگرێت. چونکە ئەگەر کەسێک مووچەیەکی زۆر کەم وەربگرێت، ئەودەم خاوەنکار دەمانکەن بە گژ یەکتریدا و سەرئەنجامیش بە زیانی هەموومان دەبێت.

## تۆ لە شوێنی کارەکەت دەسەڵاتت هەیە.

لە زۆر پرسدا دەبێت خاوەنکار، بەر لە بڕیاردان، دانوستان لەگەڵ سەندیکادا بکات. وەکوو ئەندام لە سەندیکادا، کاریگەریت دەبێت لەسەر ئەم بڕیارانە. سەندیکا هەلت بۆ دەڕەخسێنێت تا بتوانیت کاریگەر بیت.

## مووچەی باشتر وەردەگریت.

ئەو شوێنکارانەی کە گرێبەستی گشتگیریان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی، مووچە تیایاندا بەرزترە لەو شوێنکارانەی کە گرێبەستی گشتگیریان نییە. سەندیکا یارمەتیت دەدات تا مووچەی باشتر وەربگریت و جێ نەمێنیت.

لە سەرەتای تەمەنی سەندیکاکاندا، یەکێک لە یەکەمین داواکانیان، هەشت سەعات کارکردن بوو لە ڕۆژێکدا. خاوەنکارەکان وتیان کە ئەمە خەیاڵێکی پووچ و شێتانەیە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە یەکێک لە ئەمڕۆدا پێشنیاری چوار سەعات کارکردن بکات لە ڕۆژێکدا. ئەگەر کرێکارێک بە تەنها خۆی داوایەکی ئاوای بکردایە، یەکسەر دەرکرابوو. لەبەر ئەوە بوو کە ئێمە لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە. بەڕێوەبەرییەکە بە دڵنیاییەوە نەیدەتوانی هەموومان دەربکات.

ئەمڕۆش هەر هەمان شتە، چەند بابەتێک هەن کە باشترە پێکەوە کاریان بۆ بکەین. لە ڕێگای پێکەوەکارکردنەوە، وێراومانە و توانیومانە داوای ژینگەی کاری باشتر، هەلومەرجی کاری باشتر و دڵنیایی زیاتر بکەین.

## دڵنیایی کارت دەبێت

ئەگەر ئەندامی سەندیکا بیت و بەبێ هۆی ڕەوا لە کارەکەت دەربکرێیت، ئەوا سەندیکا دەتوانێت یارمەتیت بدات لە گەڕانەوە بۆ سەر کارەکەت. ئەگەر ئەندام نەبێت، پێویستە خۆت داوا، لەسەر خاوەنکارەکەت، لە دادگا تۆمار بکەیت. ئەمەش خەرجی زۆرە و دەرئەنجامەکەشی نادیارە.

سەندیکا ڕێنوێنی شارەزای تۆیە لە بواری مافی کارکردندا.

## مەرجی کاری باشترت دەبێت.

ئەندامانی سەندیکا مەرجی کاری باشتر و ژینگەی کاری باشتریان هەیە لەوانەی کە ئەندام نین. ئەمەش هەر لە ماوەی کارکردن هەتا تەندروستی، سەلامەتی و پارێزگاری لە قوربانیبوون دەگرێتەوە. ئەندامانی سەندیکا تەنها نین، بەڵکو دەتوانن یارمەتی وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی هەلومەرجی خراپ.

سەندیکا دەنگێکی بەهێزترت پێ دەدات لە شوێنی کارەکەت.

هەرجارێک پێکەوە داوایەکی گەورەمان بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی کردبێت، بووە بە هەرا. کاتێک داوای پشوو بە مووچەوە، پشوو بۆ چاودێریکردنی منداڵ یان مافی بەشداریکردن لە بڕیاردانمان لە شوێنی کارەکانمان کردووە بە خەتەرناک ناو براوە. گوایە ئەوە لە توانای بەرهەمهێنانی کەم دەکردەوە، دەبوو بە هۆی ئەوەی خەڵکی بە ڕادەی پێویست ئیش نەکەن. کە ئاوڕ بۆ دواوە دەدەینەوە، دەبینین تەواو بە پێچەوانەی ئەمەوە دەرچووە. توانای بەرهەمهێنان زیاد دەبێت کاتێک مرۆڤ خۆشی لێ دەگوزەرێت. لە ڕێگای پێکەوەکارکردن و یارمەتی یەکتردانەوە ئەو پرسانەی کە جاران ئاواتی سەندیکا بوون، بوونەتە ڕاستی. ئەمڕۆ هەموو کەس پێی ئاساییە کە پشوو وەربگرێت و لەگەڵیشیدا، کاتی پشوودانەکە، کەمێک پارەی زیادە وەربگرێت. ئەوەی کە وەکوو خەونێک دەستی پێ کرد بۆتە شتێک کە هەموو کەس پێی وایە دەبێت وا بێت. ئێستا دەکەوێتەوە سەر ئێمە خۆمان؛ ئەوانەی ئەمڕۆ کار دەکەین، کە کارێکی وا بکەین ئاواتەکانی ئەمڕۆ ببنە ڕاستی داهاتوو.

# بە قازانجی هەموو کۆمەڵگا دەبێت.

مرۆڤ کە ئاسوودە بێت لەسەر کارەکەی، باشتر کار دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی زیادبوونی توانای بەرهەمهێنان و ئابوورییەکی جێگیرتر بۆ کۆمەڵ.

# بە قازانجی هەموومان دەبێت.

خانەنشینی، کۆمەکی منداڵ، مافی دەنگدان تەنها چەند شتێکن لەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە پێش ئەوەی سەندیکا و بزووتنەوەی کرێکاری داوایان بکات نەبوون. ئەمڕۆ ئەو شتانە وەکوو شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویست تەماشا دەکرێن تەنانەت لەلایەن خاوەنکارەکانیشەوە. ئێمە، ئەمڕۆ کار بۆ مافی مرۆڤ دەکەین، تەنانەت لە بەشەکانی تری جیهانیشدا. تۆ، وەک ئەندام، بەشێکی لەم کارە.

ئێمە، پێکەوە یارمەتی یەکتری دەدەین ئەگەر یەکێک لەگەڵ سەرۆکی کارەکەیدا تووشی گرفت بوو. بەڵام تەنها هەر ئەوە نیە، ژیان زۆر لەوە زیاترە کە تەنها کارکردن. هەندێجار پێویستمان بە یارمەتیی کەسانی تر دەبێت، تۆ خۆت دەتوانیت ئاگاداری تەندروستیی خۆت بیت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە تۆ بتەوێت خۆت نەشتەرگەری بۆ خۆت بکەیت ئەگەر تووشی ڕیخۆڵەکوێرە بوویت. ئەگەر شتێک ڕووی دا، گرنگە کە دڵنیایی و یارمەتی لەبەر دەستدا بن بۆ هەمووان. بە یەکگرتن، تەنانەت تاکیش بەهێز بووە لە شوێنی کارەکەی. لە ڕێگای دانوستان پێکەوە - و بە یەک دەنگ - توانیومانە بیمە دروست بکەین کە بۆ هەر ئەندامێک باشتر و هەرزانتر دەبێت.

هەندێک جار سەندیکا وەکوو تیمی ئاگرکوژێنەرەوە وایە، کاتێک شتێک ڕوو دەدات، بە هاناوە دەچێت. بەڵام گرنگترین کارمان، ئەو هاوکارییە ڕۆژانەیەیە کە لە شوێنی کارەکان دەیکەین. نەک هەر هاوکاری لەگەڵ خۆماندا، بەڵکو لەگەڵ ئەو کۆمپانیا و ڕێکخراوانەش کە کاریان بۆ دەکەین. خاوەنکۆمپانیا و ئەوانەی کۆمپانیا دەبەن بەڕێوە، بەر لە هەر شتێکی تر، بیر لە قازانج و بەکاربوون دەکەنەوە و لە ڕاستیدا ئەمەش شتێکی ئاساییە. هێندەی ئەوە ئاساییە کە ئێمە، وەکوو ئەندام لە سەندیکادا، مەرجەکانی خۆمان پێش هەر شتێکی تر دەخەین. ئێمە پێمان وایە کە ئەم تێکەڵەیە شتێکی باشە بۆ هەمووان. ئێمە تەواو لەو باوەڕەداین کە کارەکانی سەندیکا، شوێنی کارەکانمان باشتر دەکات -بە هەموو شێوەیەک و بۆ هەموو لایەک.

# تۆ بیمەت هەیە

بیمەکانی ناو گرێبەستی گشتگیر، مافی بڕەپارەی خانەنشینی لە ڕێگای گرێبەستی گشتگیرەوە، بیمەی بێکاری و بیمەکانی ئەندامبوون دڵنیاییەکی زیاتر دەبەخشن بە ئەندامانی سەندیکا، هەم لە ماڵەوە و هەم لەسەر کاریش، بە نرخێک کە بەشێکی کەمە لە نرخی هەمان ئەو بیمانە ئەگەر بهاتبایە و هەرکەس بۆ خۆی بیکڕیایە.

سەندیکا بیمەی هەرزانتر و گونجاوترت پێ دەدات.

# بە قازانجی خێزانەکەت دەبێت

زۆر لەو ئیمتیازاتانەی کە بۆ ئەندامانە، بۆ نموونە بیمەکانی ئەندامبوون، تەنانەت ماڵ و خێزانیش دەگرێتەوە.

ئەندامبوونەکەت دڵنیاییەکی زیاتر دەبەخشێتە تەنانەت کەسە نزیکەکانیشت.

# بەڵێ، ئەمن دەمەوێ ببم بە ئەندامی سەندیکا

.ئەوە بڕیارێکی ژیرانەیە کە لە هەموو بارێکەوە بە سوودتە
بۆوەی ببی بە ئەندام دەبێ پێوەندی بە یەکێک لە لکەکانی ڕێکخراوی گشتی
!سکان بکە QR بکەی. ئەو کۆدەی خوارەوە LO کرێکاران

داوای ئەندامەتی بکەی بەستراوە LO ئەوەی کە لە کام بەشی ڕێکخراوی
.بەوە کە چ پیشەیەکت هەیە

داوای ئەندامەتی بکەی یا LO ئەگەر دڵنیا نی دەبێ لەکام لکی ڕێکخراوی
دەنا بە گشتی پرسیارت لەسەر سەندیکا و ژیانی پیشەیی هەیە، دەتوانی
هەموو کاتێک بەو ئادرێسە ئیمێڵمان بۆ بنێری یا بەو ژمارەی خوارەوە
.تەلەفوونمان بۆ بکەی

kollpajobbet@lo.se

56 00 56-020.

https://dela.lo.se/hitta-ditt-fackforbund/

BYGGNADS

Elektrikerna

fastighets

FACKET FÖR SKOGS-, TRÄ- OCH GRAFISK BRANSCH

Handels

HRF HOTELL- OCH RESTAURANGFACKET

IF METALL

Kommunal

Livs
LIVSMEDELS ARBETAREFÖRBUNDET

Musikerförbundet

MÅLARNA

PAPPERS

seko

TRANSPORTARBETAREFÖRBUNDET
1897

© Landsorganisationen i Sverige 2022
Grafisk form: LO
Tryck: Bantorget Grafiska AB, Stockholm 2022
ISBN 978-91-566-3566-3
LO 22.12 10 000